# ڕاگەیاندنی دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان- سوێد

## با دەرەوەی وڵات ببێتە مەیدانێکی تری خەبات
## لە پێناو خواستەکانی جەماوەری کوردستان

ماوەی چەند ڕۆژە، خەڵکی ئازادیخواز و بەشخوراوی کوردستان، لە پێناوی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان، دەستیان داوەتە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕین. نەبوونی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی، ژیانی لە چەند ملیۆن خەڵکی ئەم وڵاتە تاڵ کردووە. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، لە بەرامبەر داواکردنی ئەم پێداویستییە سەرەتاییانەدا، بە گوللە و گرتن و ڕاونانی خەڵکی ناڕازی وەڵامیان داوەتەوە.

دەرەنجامی ئەم سەرکوتکردن و داپڵۆسینە، کوشتنی لاوێک لە کەلار، بریندارکردنی دەیان کەس و دەستگیرکردن و زیندانیکردنی زیاتر لە سەد کەس بووە. لەنێو دەستگیرکراوەکاندا، هەڵسووڕێنەرانی دەستەی داکۆکیی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی، کە بریتین لە زمناکۆ عەزیز، نەوزاد سەلاح بابان، ئەکرەم موحەممەد (ناسراو بە ئەکرەم چاوشین)، بەهرە موحەممەد، هەرێز موحەممەد، شۆخان، عەلی مەولوود، ڕزگار عەزیز (ناسراو بە پۆڵای زیندانی) و ئەبوبەکر مەجید، بە تۆمەتی ڕێکخستنی ئەم جووڵانەوە ناڕەزایەتییانە دەستگیرکراون و تائێستاش لە زینداندان.

ئێمە ئیمزاکارانی ئەم ڕاگەیاندنە، وێرای ناڕەزایەتیی توند لە بەرامبەر ئەم سەرکوتگەرییە ئاشکرایە، پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان دەردەبڕین و داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین، کە دەستبەرداری شێوازی نادیموکراتییانە بن و وەڵامی خواستەکانی جەماوەر بدەنەوە و دەستبەجێ ئەندامانی دەستەی داکۆکیی لە خواستەکانی خەڵکی سلێمانی و هەموو زیندانییەکان ئازاد بکەن. هیچ کەس لە کوردستان، بە هۆی بەشداریکردن لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا، نابێت سزا بدرێت.

هاوکات بانگەوازی هەموو ئازادیخوازان و حیزب و لایەن و کۆڕ و کۆمەڵەکان لە سوێد دەکەین، کە بە ڕیزی ئێمەوە پەیوەست بن و دەنگی ناڕەزایەتییان لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی کوردستاندا، بەرز بکەنەوە و خوازیاری هاتنەکایە و سەقامگیربوونی دیموکراسی بن لە کوردستان.

ئێمە ئەم داخوازییانەی خەڵکی کوردستان دەخەینە بەردەم هەموو حیزب و ناوەندە سیاسییەکان لە سوێد و لە هەوڵی بێوچاندا دەبین، کە گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان، تا ڕێز لە خواست و ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بگرن.

**دەستەی داکۆکی لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان- سوێد**

ئەمجەد شاکەلی، نەبەز خالید، خەبات عارف، سۆزان ئەمین، ، پشکۆ نەجمەددین، بەختیار مستەفا، ئاسۆ زەند، نەوزاد وەلی

ستۆکهۆڵم 2006-08-14